## کورتە باسێك لەسەر مێژووی خەڵووز:

مێژووی خەڵووز دەگەڕێتەوە لەوکاتەی کە مرۆڤی کۆن ئاگری دۆزیتەوە بەکاریهێناوە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان لە پێش 28000پ.م بۆ وێنەکردن بۆ چەندین بابەتی ڕۆژانەیان، بۆیە بەکۆنترین کەرستەی وێنەکێشان دەژمێردرێت، وەهەروەها لەسەردەمی ڕێنساس خەڵووز زۆر بە فراوانی بەکارهاتووە بەلاَم زۆر کەم لەکارە هونەریەکان ماونەتەوە، چونکە خەڵووز خاسیەتی هەڵوەرینی هەیەلەسەر کاغەزەکە، زۆر لەکارەکان ماونەتەوە وەکو کارەکانی لیوناردو داڤینشی، رافائیل، مایکل انجلو.

شێوازی دروستکردنی خەڵووز زۆربەی جار لە داری صفصاف دروست دەکرێت تۆنەکانی دەگۆڕێن لە رەشی تۆخ بۆ رەساسیەکی کاڵ، لە تایبەتمەندیەکانی رەژوو ڕووبەری وێنەکێشان زوو پڕ دەکاتەوە، زۆر جاریش بەکاردێت لەگەڵ کەرستەی تر لە تابلۆی ڕەنگدا وەکو جۆرێك لە تەکنیك، بۆیە باشترین جۆرە بۆ وێنەکردن.

### چۆنیەتی بەکارهێنانی خەڵووز بۆ هێلکاری

خەڵووز charcoalکەرستەیەکە لە کەرستەکانی هێلکاری کە لە ماددەیەکی ئەندامی پێکهاتووە، کە لە ڕێگای سەمغ یان مۆم دروست دەکرێت دوای دەرهێنانی ئۆکسجینی ناو ماددەکە.

**-ئەم کەرستانەی بەکاردێت بۆ وێنەکردن بە خەڵووز**

1- پۆدرەی خەلووز charcoal powder (شێوە1)

2- معجونی باستیلی رەش _ black pan pastel (شێوە2)

3- ( المدعکە) soft tols (شێوە3)

4-ڕەشکەرەوە بەهەموو شێوازەکانی (شیوە4)

5- پێنووسی خەڵووز charcoal pencil بە هەموو شێوازەکانی (شێوە5)

6- فلچەی جیاواز بۆ تێکەڵکردنی تۆنەکان (شێوە6)


7- کاغەزی نەرم و ئەستور بێت و تێکسجەری هەبێت  وا باشترە ڕەنگی سپی نەبێت بەڵکو بێجی یان ئۆکەریەکی کاڵ، هەندێك جار کارتۆنی ڕەش بەکاردێت بە پێنوسی سبی بەکاردێت.



(شێوه1)




(شێوه2)



(شێوه3)

<u>**هەنگاوی یەکەم:**</u>

وێنەکردنی ئەو سکێجەی دیاریکراوە، بە شێوازێك دووریی و ڕوانگەوە ئەنە تۆمی و دابەشکردنی سکێجەکە بە تەواوی کۆنترۆلکرا بێت، دوور لە هەڵەی هونەری.

<u>**هەنگاوی دووەم:**</u>   وا باشترە کاغەزەکە قەبارەی گەورە بێت و ئەستور بێت تێکسجەری هەبێت بۆئەوی بەرەنگاری کەرستەکان بکات، چونکە خەڵوز توانای جێگربوونی نیە لەسەر ڕووەکی لووس و ساف، وەهەروەها ڕەنگی سپی نەبێت بەڵکو بێجی یان ئۆکەریەکی کاڵ، بۆ دانانی سێبەر و تۆنەکان باشترە.

<u>**هەنگاوی سێیەم:**</u> زۆر گرنگە فلْچەی تێکەڵکردنی تونەکان و سێبەر نەرم بێت و داویی فلْچەکانیش زۆر بێت وجوان بە یەکەوە نووسا بێت بۆ تاریکردن بە شێوەیەکی نەرم.

1- المدعکە بەکاردێت بۆ جێگیرکردنی خەلوزەکە ودیاریکردنی ووردەکاری.

2- فلچە وداری گوێ پاکەر یان پارچە قوماشی خاوێن یان کلینکس بۆ تێکەڵکردنی تۆنەکان و کاڵکردنی ودیاریکردنی ووردەکاری(شێوە4).




(شێوە4)

## هەنگاوی چوارەم:

## جۆرەکانی خەڵووزو چۆنیەتی دانانی سێبەر

خەڵووز زۆر جۆری هەیە تیایدا سروشتیە و دەستکردە وهەروەها جۆری پۆدرەشی هەیە لە شێوازی پێنووسە بەشێوەیەکی لوولەیی و جوارگۆشەیی. وەهەروەها جیاوازی نێوان خەڵووز و قەلەمی خەڵووز ئەوەیە، خەڵووزی سروشتی زووتر دەسرێتەوە، بەڵام قەلەمی خەڵووز جیگای هەر دەمێنیت وەهەروەها تۆخترە لە خەڵووز بەڵکو جیاوازێك دروست دەکات لە تابلۆ، بەلام کوالیێتی خەلوز بەرزترە.

- خەلووزی نەرم SOFTتایبەتمەندی زوو لێکدانی هەیە.
- خەلووزی ناوند MEDIUMتایبەتمەندی زوو لێکدانی هەیە بەڵام وەکو SOFT نیە.
- خەلووزی رەق HARD تایبەتمەندی زوو لێکدانی نیە گونجاوە بۆ شوینی تاریك یاخود هێل .



(شێوە5)



(شێوە6)

**هەنگاوی پێنجەم:** پۆدرەکە بە پێ پێویست دەرژێتە سەر کاغەزەکە کاڵ دەکرێتەوە بە بەکارهێنانی کاغەزی خاوێن یاخود فلچەی قەبارە جیاواز تا ئەو تۆنەی تێکسچەرەی مەبەستتە، کە دەکرێت بە شێوازی بازنەیی گشت بۆشایەکان پڕبکرێتەوە، لە وئەنجامدا تۆناتەکان رێك و نەرم دەردەچێت.

**هەنگاوی شەشەم:**

بەکارهێنانی معجونی باستیلی رەش _ black pan pastel (شێوە2) کە توانای بلاوبوونەوەی هەیە لەسەر کاغەز، وبەکاردێت بۆ تۆخترین ناوچە، چونکە تۆنەکەی زۆر تۆخە هەندیك جار پێنووسی سپی بەکاردێت بۆ ناوچە ڕووناکەکان.

ئەویش یان بە کەرستەی ( المدعکە)(شێوە3) تێکەڵیان بکات، یان بە SOFT TOLS کە بە شێوازو قەبارەی جیاواز هەیە.وەهەروەها چەقۆی پلاستیکی شێوە جیاواز و پارچە ئیسفەنجی شێوەو قەبارەی جیاواز. واباشترە قوتابی پێش ئەوەی هەنگاوێك بنێت لەسەر کاغەزەکەی تێستی کەرستەکە بکات لەسەر کاغەزێکی تر.

**هەنگاوی حەوتەم:**

بەکارهێنانی رەشکەرەوە جۆری رەشکەرەوەی مونو بۆ دەرخستنی ووردەکاری و ڕووناکی کە لە جۆری قوری ووشك(صلصال) دروست دەکرێت (شێوە4).

## هەنگاوی هەشتەم:

**لە کۆتایی لە دوایی تەواو بوونی کارەکە بە یەکجاری سپرای بەکار دێنیت بۆ جێگرکردنی تونەکان ولەهەمان کاتدا ڕێگرە لە تێکەڵ نەبوونی تۆنەکان، وا باشە بە شێوازێکی ئاسۆیی بێت (شێوە7).**



(شێوە7)

## تێبینی پێوست بۆ وێنەکردن بە خەڵووز:

وێنەکردن بە خەڵووز وەکو پێنووسی رساس نیە، بەڵکو پێنووسەکە وەکو فڵچە لەدەست دەگریت و تاکو پێنووسەکە ستوونی بێت باشترە، بۆ ئەوەی دەستت بەر کاغەزەکە نەکەوێت لە ئەنجام کارەکە پیس بیت بۆیە پێنووسەکە بە سێ پەنجە دەگریت کە ئەویش الابهام والسبابة والوسطی، (بەنجەی کەورە ، بەنجەی شەهادە بەنجەی تاقانە).وا باشە بە بەنجەی بجووك کاغەزەکە جێگیر بکریت، کاغەزی گەورە رەنگی بێجی یان زەردی کاڵ بێت بۆ ئەوەی گشت ووردەکاریەکانی تێدا دیارکەوێت .

وێنەکردن بە شێوازی بازنەیی توند دەبێت و بە پێ پێویست تۆنە توخەکان دادەنرێت و بە فڵچە یان بە و کەرستانەی کە تەرخانکراوە بۆ بلاْوکردنەوەی تۆنەکان و دابەشکردنی بە پێی پێویست ئەگەر پێوست بوو هەمان کردار دووبارە دەکرێتەوە.